# هەموو ژ تەدا ژیونەتەوە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# هەموو ژ تەدا ژیونەتەوە

نیگار نادر



ناوی کتێب: هەموو ژ تەدا ژیونەتەوە
شیعری: نیگار نادر
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٧٩٤
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٨٠٤ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

## ٢٠٠٧یش لە من سەرەڕۆتر بووە، دەبێ، بوو

دوو هەزار و حەوت پڕ بوو لە ڕۆژی وەکو من
دەربەدەر لە ئێوارەی وەک من دڵ لەبەرچوو
لە عەسری وەک من خەمگین لە سپێدی وەک من
خۆشباوەڕ و لە زەردەی لە سەرانی وەک من
چاو لە دوو

جزدانەکەم وردەی دەیان
پیاوی تێدایە
موبێلەکەم تێکستی لە
بیست سی پیاوڕا بۆ دێ
لێ دڵم
خوێنی سەد پیاوی دیی
تێدا هاتوچۆ دەکا







دوو هەزار و حەوت جانتایەکەی تێک ناوە
منیش بارگە و بنەم لێ هیچمان نە ماڵێکمان
هەیە بۆی بگەڕێینەوە
نە کەسێکیش هەیە چاوەڕێمان بکا
چونکە نە ملکی کەسین و نە ژنی کەس

ناوی درەختیک لە خۆم دەنێم.
بەو شەقامەدا دەپەڕمەوە بەناوی تۆ دەکرێ
دەترسم باران بەخوڕ داکاتەوە و
نەگەم ماچت کەم

ئەورۆ دڵم کراوە موبێلەکەم کراوە
جانتایەکەم کراوە دەستەکانم کراوە
ژنێکی سەرلەبەر کراوەم
لێ بەتەنیا لە سنوورەکانی تۆدا

دوو هەزار و حەوت پڕ بوو لە کاتژمێری وەک من
ڕانەوەستاو لە ژنی وەک من بێ سەروبەر
لە شەڕی وەک من ناوەخت و لە کیژی وەک
من کوژراو





لە کۆترێکێش زیز بم
تەشقەڵە بەتۆ دەکەم دەزانم لە تۆ نەبێ
هیچ شتێک و هیچ کەس
بەرگەی شەڕەکانم ناگرێ

دوو هەزار و شەش و دوو هەزار و حەوت
دوو ساڵی وەکو من
شەرابخۆر و جغارەکێش و سەرەڕۆ بوون
بۆیە کەس نەیویستن و
بەرەبەنی ڕۆیشتن

هیچ پۆست ناکەم هیچ پۆستیشم بۆ نایەت
لێ دەبینم هەرچی هەمە و نیمە
ئەدرەسی تۆی لەسەرە
هەرچی هەتە و دەتبێ بەئەدرەسی من دەبێ

دوو هەزار و حەوت حەوت جۆرە
پێکەنینی لە ڕوو گەڕاندم
پێکەنین بەخۆم پێکەنین بەخۆشەویستی
پێکەنین بەڕاستگۆیی پێکەنین بەمردن





پێکەنین بەپیرۆزی
پێکەنین بەوەفاداری پێکەنین بەتێکۆشان

لە پیاوێک وەدەر دەکەوم لە پیاوێکی دی بەجێ دەمێنم
دەبمە هێلانەی کۆترێک
لێرە بەدوا

دوو هەزار و حەوت ڕۆیی دەشێ وێنەیەکی من
چووبێتە بەردەستی تیرۆریستێک سەر پەڕی کۆوارێک
بن باخەڵی ژنکوژێک ناو سەتڵە زبڵێک
لێ وێنەکەم نەچۆ ناو جزدانی بەرباخەڵی
ئازیزێک

بەدرێژاییی ئەو ساڵە هەر ڕۆژەی
پیاوێکم خۆش ویستووە
تا ئێستا ژمارەیان بە
سێ سەد و شەست گەیشتووە
وەکو گوڵدان
لە ناو خۆمدا دامنان
لێ نەبوومە ژنی هیچیان

ئەز ژنەکم وەک ڕۆژنامە ئەگەر هەموو ڕۆژێ
وێنەی دووسێ سیاسی و هەواڵی یەک دوو دز و
خۆکوشتنی ژنێک و
ڕاپۆرتێکی گەندەڵیم تێدا نەبێ
کەس نامخوێنێتەوە
کەس پێم نابێژێ ئازاد





لەگەڵ دوو هەزار و حەوت بۆ زۆر کەس
مانا بووین بۆ زۆر کەسیش بێ مانا
بۆ زۆر کەس خێر و بەرەکەت
بۆ زۆر کەسیش بەڵا

ئەز ژنەکم
سەربەخۆ و بنبەخۆ
لە بۆیە
پشتگوێ خراوم و دەخرێم

ئەوە ئەڤ ساڵەش تێ دەپەڕێ
برۆیەکانم ماچ دەکەی ماچی تۆ و
هەناسەسواریی من و بێ ماڵی تۆ و
دەربەدەریی هەرتکمان
گڕووەکانی من بۆ کوردستان
نابڕێنەوە

هەرچی دەیبینم وێنەی ژنێکی
بەرەڵای بەیەخەوەیە
دەترسم دیسان من بم
ئەتۆش نەهێڵی جۆلانەت پێ هەڵاوەسمەوە.

لە بۆ ئەو ئەستووکە بەڕۆنە
پیاوێکی سەوز لە گیرفانم دەردێنم و
وردی دەکەمەوە
باقییەکەشی ئەوەندە وردەیە
دەیکەمە خێر





لەگەڵ ئەوەی ژنێکی بێ سنوورم
لێ دەزانم هەر پیاوێک ناوەکەم دەبینی
حەزێ دەکا ڕەنگم کا
لە بۆیە وەها ڕەنگینم

سەر بەکۆشی عایشەشان دەکەمەوە
وێکرا "ئەز غەریبم دایێ بێ کەسم دایێ"
دەڵێینەوە
تا دیسان بەبێ کەسی سەر دەنێینەوە

لەمێژە ژنێکم بێ ناونیشان
بێ پیاو بێ ڕووخسەت بێ سنوور
بێ ئاوەڵکەراس بێ مەرج
لێ چونکە بێ ئاڵام کەس دەرکەم لێ ناکاتەوە
دەڵێن برۆ هێشتا ئازاد نی
خۆت ئازاد کە ئەوجا بگەڕێوە

ئەز ژنێکم لە کودەتا
بەتەنیا عەشق بەبێدەنگی ئاودیوم دەبێ و
بەبێ تەقە دەمگرێ





کە دەست بەگیرفانمدا دەکەم
مانای پیاوێک، پێناسەکی ڕۆژنامەنووسی
ناسنامەی نووسەری و قەباڵەی پارچە زەوییەک
پسووڵەیەکی ئازادبوون
دێنمە دەرێ و
ئەودەم دەزانم چ دەرۆزەکەرێکی گەورەم

لەو دیوارەی پشت سەرم
وەک درەختی خانەوادە
درەختێک بۆ خۆشەویستان دەکێشمەوە
تا ناو و ناوبانگیان
بۆ حەوت پشتانم بمێنێتەوە
لێ نازانم
نەمریم دەبێتە هی عەشق
یا هی بەربەرەڵایی

ئەوە دوو هەزار و حەوت دەڕوا
مێژووی ئەو شیعرەشم
دەچتە بن سێبەری ئەو
لێ بۆ خۆم بەگومانم ببمە هی چەند هەزار
یا دوو هەزار و چەند
تەواو ببم.







## ئەورۆ بارانێ ڕادەگرم

نازانم لە بن دەرختێک دانیشتووم
یا لە بن پیاوێک
لێ دەزانم ژنێکی جووتم
ئەورۆ

دووبارە
دەڵێی پەپوولەیەک
بۆنی پیاوێکی ئەسمەر
لە غەریبایەتییەمدا دەپژێنێ

جارێکی دی
ناوەڕاستی سەرت ماچ دەکەم
کزە بایەک
بەبۆنی کوردستانێ
ڕام دەداتەوە

ئەوڕۆ لە خۆڕا دڵم دادەخورپێ
ڕێ بەدی دەکەم
لە چاوی تۆ هەڵەنگوم
یا لە چیایەک





لەندەن سەر بەکۆشم دەکا
دەڵێ بەچاوەڕەش و دەنگە
گەرمەکەت گەرم دادێمەوە

ئەوە چەند ڕۆژە
پیاوێک لەسەر ڕێیەم ڕادەوەستێ
گوارەیەکی شینی لە بۆ هێناوم
دەگەڵ تەنیایی بەجووتە
لە گوێچکەم دەکەن

ئەورۆ دیسان جووتم
جووتێک خۆشەویست لە چاوانمدا
جووتێک گوارە لە گوێچکەمدا
جووتێک نیشتمان لە دڵمدا
جووتێک دۆست
لە چاوەڕوانیمدا
جووتێک کلیل لە دەستمدا و جووتێک موبێل
لە گیرفانمدا
جووتێک پێڵاو لە پێمدان

باران هێندەی خۆ تێ هەڵسویوم
لە بۆیە
ئەورۆ ژنەکی جووت ڕەگم
ژنەکی جووت ڕەنگ جووت تاموو
جووت مێژوو





ئەورۆ
چم بۆ ناژمێردرێ
نە دەزانم سەعات چەندە چەندی مانگییە
ساڵی چەندە و چەند شەمەیە؟
بەتەنیا دەزانم
دەنگی تۆیە وەبن خۆی داوم و
دەمژمێرێ

١ی بەفرانبارێیە
بۆینباغێکی شینت لە ملە
لە بۆیە دەبمە دەزگیرانی
هەموو شینەکان

٨ی خەرمانانە
سێوێک بەدارێوە چاوم لێ دادەگرێ
بریسکە بریسکی سمێڵت
هەموو ڕەنگ و پیتەکانی ناوم
پێک وەردەکا

کۆتاییی ڕێبەندانە
ئەوڕۆ درەختێک فیکەم بۆ دەکێشێ
لە خۆشییان شیعرێکی مۆرم دێ و
نزیکەی دوو سەد وشە
دەزوولەم تێدا دەکا





١١ی ڕەشەمێیە
چش چ زەرەر دەکەم
ئەگەر چارەگە سەعاتەک بەتەنیا
لە پەنجە گەورەکەت بڕوانم کە
چۆن دەنکە دەسبیحەکان
ئاڵوگۆڕ پێ دەکا

چوار و نیوی پاش عەسرێیە و سێیەم
ڕۆژی ڕێبەندانە کە
دەبمە هەوێی بارانێ و
بەدزی خرینگەی گوارەکانم و تێکست
مەسیجێکی شیرینت
بۆ ڕەوانە دەکەم

پێنجشەممەی خاکەلێوەیە
باران ڕادەگرم و ژیان دەبەزێنم
دەی خۆشکە وەرەوە تازە ئیدی
هیچ خەتایەک بەسەر تۆدا ناهێنم

٢٥ی جۆزەردانە
پاش بانگی نیوەڕۆیە ئەوڕۆ
پشتێندێکی ئەرخەوانیت لە پشتێ بەستووە
کەلاشێکی تەوێڵت بەسەر پێیانەوە کردووە لە بۆیە
ژنیەتی پێمەوە ڕاناوەستێ و
لێمت فێرە سەد خوو کردووە





ناوەڕاستی چوارشەممەیە و
١٠ی ڕێبەندانە و ٣٠ چرکە لە سەعات
حەوت گوزەراوە
هەر بتگەمێ نە دنیا دەمانگاتەوە
نە ژیانم پێوە ڕادەوەستێ
نەمردن خۆم لە قەرە دەدا و دەمبینێتەوە

ئەوڕۆ خشتەی ئەو حەزانەی
پێ هەلاواسیوم کە جووتن
جووت دەگەڵ دەنگی سەکسەفۆن جووت
دەگەڵ تامی مەرەوانە و جووت دەگەڵ
بۆن سێوی تووتنی نێرگەلە

بەتەوتەمی مامزەکانی قەندیلی «هەندرێن»ێ
دێیەوە بارانێ دەبەزێنی بۆم

سەرەتای پایزێیە
ژنێکی ئاوژووم کیژێکی چنراو
دنیایەکی پینەکراو ژیانێکی قارسکراو
مێژوویەکی دووروواو سەری لە دوو ناوم
دەیەوێ هەڵمدرووێ

بەناو پووشپەڕێدا شۆڕ بووینەوە
درەختێک بن باڵم ماچ دەکا و چوارەم
خۆشەویست بۆم دەنووسێ بیرت دەکەم
"با"ش بێ نامووسانە
لاسکی سوخمەکەم دێنێ و دەبا

١٢ی گەلاڕێزانە
نە تەقەتەقی قۆندەرەکانم
نە خاڵەکەی سەر بەلەکی چەپم
نە خواربوونی خەتی پەرچەمم
بەتۆ دەژمێرم





پاش بانگی شێوانی جۆزەردانە
چاوم لەسەر هەڵناگری تا
بۆینباغە مۆرەکەت
هەموو گوڵەکانی کراسەکەم دەگەڵ
خۆی ڕادەدا

١٠ چرکەی ماون بۆ سەعات سێ
کەیفم دەپرژێتە سەر
چایەکی سەوز خانم خانمۆڵێی خالقی
چاو زەیتوونییەکی لوبنانی و
ختوکەدانی تۆ

زەردەی لە سەرانی سەرماوەرزێیە
زمانی کەس وەکو زمانی من
پیتەکانی ناوت گۆ پێ ناکا
ئەگەر خۆ بەبارمتە دانێم
لێ قەت ناهێڵم فۆنەتیکێکیان تا
بنی قورگ دانەکشێ و نەڕوا

گۆڵان بەنیوەی بووە کە
لەندەن پشت بەپشتمەوە دەدا و
حەسوودی بەقۆپچەکانی کراسەکەت دەبەم
چونکە ڕۆژێ دووسێ جار پەنجەکانت
ئاودیو ئاودیویان دەکا

نازانم چ وەختە
دیسان درەختێک ڕێم پێ دەگرێ
پیاوێکی بەژن دڵم دەبزێوێ و هەورێک
ژمارەی مۆبایل و ڕەنگی کەراسەکانم
ئەزبەر دەکا





٢١ی خەرمانانە
بەدووجار پژمینی بەدویەکدا خەنی دەبم
دەزانم خێرە و دەبێ کەمەکی دی سەبر بگرم
پاش دە ساڵی دیش بێ
پەنجەکانت
جوغرافیام دیاری دەکا

هەر ئەو هەورە نا ئەو پیاوەش هێندە لەبارە
ئەو دەمەی وەژوور دەکەوێ
وەک گێژەڵۆکە
گچکەترین خاڵی ژنێنیەتیم
دەگەڵ خۆ لوول دەدا و دەبا

ئەڤرۆ بەکارتە سپییەکەی «قوبادی جەلیزادە»
کارتی سپی لە بۆ هەموو پیاوان
تێداوم

دەی ڕەزبەرێیە لە بارانێ
پەشیمانم چونکە دڵنیام ئیدی
بۆنی بالیف و فلچەی ڕدێن تاشینەکەت
قەت چۆڵم ناکا

ئەلحانەکە کەیفم لێیە مشتێک بادام
لە دەمم کەم و
دەجاری دی ئێخەی کراسەکەت
ماچ کەم و بۆن کەمەوە





ئەورۆ
نە وەڵامی مۆبیلەکەم دەدەمەوە
نە کارتی بانکەکەم دەردێنمەوە نە لە هیچ
تەرافیک لایتێک هێواش دەکەمەوە و ڕادەوەستم
چونکە دڵنیام
قاقایەکت
هۆباڵی هەموو لە خەت دەرچوونەکانم
وەئەستۆی خۆی دەخا

دیسانەکە نەیەی
بارانێ ڕەت دەکەمەوە «٤٠٦»(*) بەسەر
هەموو خۆشەویستاندا دەسەپێنم
کارتی زەرد بۆ هەموو
ژیانم دەردەهێنمەوە.

(*) سزایەکی یاساییە.

## باوڵی(*)

٢٠٠٧/٩/٩

هاکا ڕۆژێک
سندووقە گچکەلۆکەکەی دڵم
بکرێتەوە
بەسەدان نامە و ئێس ئێم ئێس و ئێمێل
بەگۆڕێ وەردەبن و بڵاو دەبنەوە

لێ دڵنیام
ئەڤی دێرێکیان لێ بخوێنێتەوە
یا هەرتک باڵان دەگرێ و دەفڕێ
یا لە خۆشییان دەتووێتەوە

(*) باوڵی: بەجانتایەک دەگوترێ لە شێوەی سندووقە.







هەربینە ڕۆژەک
باوڵییە چوکەڵەکەی ناو چاوەکانم
سەری لەسەر هەڵەدرێتەوە
بەسەدان وێنە و خەندە و نیگار و ڕەنگت
وەدەر دەکەون و هەڵدەڕژێنەوە

لێ لێم ڕوونە
هەرکەس چاوەکیان پێداخشێنێ
یا لە ڕوحرِا لەبەر یەک هەڵدەوەشێ
یا ناوی خۆی لە بیر دەچێتەوە

هاکا ڕۆژەک
سندووقە ڕەشەکەی ناو سەرم
سەری لێ ئاوەڵا بێتەوە
بەلێشاو زەنگی تەلەفۆن و تەکست و
وشەی تۆ
لە هەوایدا پەرش و بڵاو دەبنەوە

لێ بەسەری چیایەکان
پاش تۆ
سندووقێکم نامێنێ
سەری لەسەر ڕۆنەنرێتەوە





## تێک گەڕان

کانییەکم داوەستاوم لە عەشقی تۆ
بەسەری تۆ ڕۆژ لە ڕۆژێ ڕوونتر
ڕۆژ لە ڕۆژێ گەرمتر
تێیدا هەڵدەقوڵێم و چاوم لێ دەبنەوە

ئەگەر ڕۆژێ بەسەدان ڕێبوار
بینم پێوەنێن و
دڵنیابە هەر خۆشاوی تۆ لە مندا دەخۆنەوە

بەچاوی تۆ
هەر ڕۆژەی لە بن بەردی چیایەکت
لە ژێر ڕەگی درەختێکت
سەر دەردێنمەوە
وادەم داویێ ئەمن و ئەتۆ کوردستانین
هەتا هەین لێک جوێ ناکرێینەوە

سەد حەلی دی مینایەکەی دڵم بشکێنن
ئاور لە دارسێوانم بەردەن
چاوە و کانیاوام قوڕپەستێو کەن
پاش سەد ساڵی دەدیش
هەر دەتۆدا هەڵدەقوڵێمەوە





بەهەزاران کانیلەی وەکی من لە تۆ
هەڵدەرژێن و شۆڕ دەبنەوە
تا دنیاش ماوە نە وشک دەکەن
نە کوێر دەبنەوە.

لە ڕەگمڕا دەرم کێشن وەمڕوتێنن
کێوماڵم کەن ڕام تەکێنن
دام خرمێنن
پێیان لێک هەڵاوێرد نابینەوە
لە خۆم نەبێ کەس نازانی
لە کوێم دای و لە کوێندەرێتدا دەلەرێمەوە

٢٠٠٤/١١/٢٠
لەندەن



## شەڕ

گێژەیەک تێمدا وەپێچە کەوتووە
زریانێک تێی هەڵکردووم
دڵ لەتکە چووە و دادەخورپێتەوە

ئەوە شەڕە جەلێکی دی هاتووەتەوە
چەنگی لە دڵ و لە ڕەنگ و
لە چاوانم گیر کردووە و
لەسەرڕا پێم وەربووەتەوە





ئەوڕۆ لەپڕ هاتەوە
وێڕانەگەیم
خۆت تێکەڵ کەم هەر دەستێکت بۆ هەڵێنم
چاوەکانت بگەشێنمەوە
دڵت وە کوتەکوت خەم و بەسییەکاندا شۆڕ ببمەوە

هێندە بە لەناکاوی هاتەوە
ئەمنت لێ دەچۆڕایەوە و وەسەرت گەڕابووم
لێت هەڵدەستام و لەبەرت دەڕۆیشتم
تێیدا ڕاوەستا بووم
تا ئاوڕم دایەوە خۆی لێ وەمن گێڕابووی
بەناوی من بەناوت کەوتبوو
شیی کردیەوە

هەر ئەو بوو ها
لە چاوەکاندا کردمی بەهەزار لەت
لەسەر لێوانت دای ڕنیم
لە دڵتدا وەهای ورد و هاڕ کردم
هەتا هەم کۆ ناکرێمەوە

چەند جاری دی پێم گوتبووی
شەڕ دێتەوە
نە بەهەناسە و نە بەخەندە و
نە بەدڵمان قایل دەبێ
هەرتک چاوم
دەمانکاتە تۆز و بەبامان دەکاتەوە





وەدەزانێ نایناسمەوە
دەستان توند ڕەدەستم دەخا
ئامێزی لە سینگی داوەریوم دەدا و
قوڕی سەر چاوەکانم هەڵدەداتەوە

هەر ئەو بوو ها
نەیهێشت دەستەکانم توند ڕاگوشی
قونجرکێکی دی لە ڕوومەتم دەی و
چاوان ڕۆنێیە سەر لێوم و
بێژی بەقوربانت بم و جارەکی دی بگەڕێیەوە

٢٠٠٤/٩/٢٧

## توێشە

بێ توێشە بێ قومە ئاوێک
لە ماڵ و میراتی ئەوێ دنیایێ
لەسەر
ئەڤ کوردستانە گەورەیەی ڕا
دەزانم
لە من واوەتر دەگەڵ خۆ هەڵنەگرتووە و
نەبردووە گیانێ
لەسەر ئەوان هەمووانیشڕا
هەر چاوت لە دووی منە و
دڵیشت لە بۆ من حەجمانە

٢٠٠٤/٩/٣٠





## کوردستانت بەناو دەکەم

لەو ڕۆژەوەی ئەتۆم ناسیبوو
دڵەکوتێم بوو و ئۆقرەم بەخۆوە نەدیبوو
دەمگوت نەبا ژنێک لێم داگیر کا
کیژێک دەگەڵ خۆیی بەرێ و
کۆترێک لێـم فێرە فڕین کا

لە وەتەی چاوم بەچاوانت کەوتبوو
دەستتم لە خۆ و لە دنیایێ هەڵگرتبوو
دەترسام
چاوێکی پیس لێمان کار کا
ڕۆژەک بەبێدەنگی تۆ بەڕێ کەم
شەوێک لە سەفەرێ بمێنیەوە
کوردستان لە منت بفڕێنێ و
سپێدەیەک بەبێ تۆ خۆی بەسینگم دادا

لەو ڕۆژەوەی دڵم وەتۆ دابوو
دەترسام
کوردستان لەسەر خۆیت بچەقێنێ و هەڵدا
ژنێک قوم قوم بتخواتەوە و
پیاوێک بێ
کوردستانت بەناو بکا

لەو ڕۆژەوەی تۆم ناسیبوو
دڵەکوتێم وێ کەوتبوو
نەکا
کیژەک خۆت تێ هەڵکێشێ و
لە ژنێکدا هەڵقولێی و لەسەر سینگم بتوێیەوە و
چیایەک خۆی لە ڕەنگی
چاوەکانتدا قم کا





لەو ڕۆژەوەی چاوم بەتۆ کەوتبوو
لە خۆشییانت گەرم گەرم دەچووم
چ جێ وەخۆیان نەدەگرتم
نەمدەزانی لە کوێمتدا بشارمەوە

دەترسام دڵی هەموو کیژان بەناوی خۆ کەی
بەپۆل ژنت تێدا هەڵبێن
لە مندا بزر ببی و
ئاسمان لە ڕەنگی خۆت وەردەی

لەو مچرکەوەی گوێم لە دەنگت بووبوو
حەجمینم لەبەر بڕابوو
لە تاوانت دەمگوت نەکا لە چاوی
هەر کچۆڵەیەکدا سەر دەرهێنیەوە
لە لێوی ژنان وەچۆڕێی
هەموو دڵم دەگەڵ خۆ ڕادەی و
دڵم بەناوی خۆ کەیەوە





لە وەتەی ئەتۆم دیتبوو
خەوم نەبوو وەکی شێتان
دەترسام ژنێک بتخوێنێتەوە
کیژەک لەبەرت کا
کوردستان ئەتۆ بناسێ و
لە منت بەتاڵان ببا

لێ قەت بەزەینمدا نەدەهات
کوردستان بەناوی تۆ بکەمەوە و
ئەوجار گەورەترین سەبووریم بدات



## هەڵایسانەوە

هەڵم گوشن دامتەکێنن
بمتوێننەوە
ڕۆژێ سەد جار

هەر تامی تۆ و هەر بۆنی تۆ و
هەر ڕەنگی تۆ دەدەمەوە

بمبارێنن دام وەرێنن
هەڵم پاچن لە ڕەگرا بمپچڕێنن





ساڵی چەند جار
هەر بەو قەدە و هەر بەو چڵ و پۆپ و
گەڵا و بەرەوە
دەتۆدا ڕەگ دادەکوتم و
سەر دەردەهێنمەوە

خامۆشم کەن فووم پێدا کەن
گڵم وەسەردەن ئاوم بەسەردا گێڕن
هەموو دەمێ بەگڕتر و بەشەوقتر
ژ تۆدا هەڵدایسێمەوە

٢٠٠٤/٩/٢٧

## ترپە

وەختێک هاتی سەرت بەگەردەنم کرد
هەردوو دەستت لەسەر
پشتم بزرکردن

بەیەک هەناسەی هەڵت مژیم
لێوت لەسەر چاوانم بەجێ هێشتن
سینگت توند بەسینگمەوە جووت کرد
گەرم گەرم
بەترپەترپ
کوردستانی گەورەت
بەناو دڵی منیش وەرکرد





## پریشکە خوێنی مە بە
## دڵی هەمووانیانەوە وشک هەڵاتووە

پێشکێش بێت بەڕوحی ئەو کیژ و ژنە جوانانەی ڕۆژێ
بەتفەنگی دەنگدار و تفەنگی بێدەنگ خوێنیان دەرێژرێ.

هەریەکەیان بەتفەنگێک
بەپەتکێک بەچەقۆیەک کوشتوومی و
دەمکوژێ و
لاشەم لە گڵی دەنێ و دەشارێتەوە

پۆلێک پەپوولە خۆ بەدڵمدا دەکەن و
تفەنگ سوارکردن و چەقۆ سووینی
پیاوە دەست بەخوێنەکانم
وەبیر دێتەوە

پۆلێک پەپوولە
لەسەر دڵی ماندووم هەڵدەنیشن
ڕەنگی کیژانەم دەڕەنگێنن و
گوڵانم پێ دەردەکەنەوە

پەپوولە زەردکەڵەیەک ناوی بەنازە
لەسەر لاچاوانم باڵی دەخا و
بێ نازی و گەردەن هەڵبڕان و
لەگڵ ڕۆکردنی خۆیم لە بۆ دەگێڕێتەوە

ئەها دیسان
دڵم لەو گۆڕەی کەوتووە و
هەریەکە نووکە کلاشینکۆفێکی تێ دەوەژێنێ و
شەقێکی تێ هەڵدەدا





پەپوولە نارنجییەک ناوی شەوبۆیە
شەوەکانم پڕ لە بۆنی گوڵەکانی دەکا و
بەفیشەک دابێژان و گوێچکە هەڵبڕینی خۆیم
بۆ دەلاوێنێتەوە

پەپوولە سۆرەیەکی باڵ کەسک ناوی
دوعایە
باڵە کەسکەکانی لە ڕوحی هەڵکڕووزاوم
دەخشێنێ و بەردەباران و
لە خوێنی گەوزاندنی
وەکی
لەت لەتکردنی کوردستانێ
ڕوحم دەزوورێنێتەوە

پەپوولە شێنکەڵەیەک ناوی ساباتە
کیژایەتیەم شینتر لە دەریا وەڕەنگ دێنێ و
بەچەقۆ ئاژەنینی خۆیم
لە بۆ دەبێژیتەوە

پۆلێک پەپوولە
لەسەر گوڵەکانی نەسرینێ
هەڵدەنیشن و
ڕاوەدوونان و حاشا لێکردنی
ژنەکانم وەبیر دیننەوە

لە دوعا پتر بەردەبارانتر و لە شەوبۆیە
فیشەک ڕێزانتر و لە بەنازێ
گەردەن هەڵبڕاوترم
بکوژەکانم بەدنیایەدا دێن و دەچن و
دەخولێنەوە





لە ساباتێ گەلەک چەقۆ ئاژەنتر و
لە کەژاڵێ لووت و لێو هەڵبڕاوتر و لە ئامینێ
خنکێنراوترم
لە زارایێ سووتێنەراوترم و
بکوژەکانم ناویان لە خۆ ناوە پیاو و
شەرەفیان کۆ دەکەنەوە

هەورێک پەپوولە لەسەر لاچاوانم
ئاوا دەبن و
چاو و نەخشەی ئەڤ هەموو کیژانە
هەڵدەبڕدرێ و لێک هەڵدەوەشێتەوە
لێ ئەوان ئێستا
لە لەشکرینی نەبوونەتەوە

هەریەکەیان بەناوێک هەریەکەیان بەدەمامکێک
هەریەکەیان لە ڕێگەیەک لە تەمەنێک
لە شارێک لە خۆشەویستییەکدا
دەمکوژێ و کوشتوومی و
بەسەر لەشمدا تێ دەپەڕێ و
لە لەشکرِینی خۆی دەگەڕێ و
دەخەفتێتەوە

هەموو پریشکە خوێنێکی مەیان
بەلاچاوانەوەیە
هەر هەموویان
هەموو پریشکە چاوێکی مەیان بەدەستانەوە
وشک هەڵاتووە
هەر هەموویان
تێکرِا دڵۆپە خوێنی مەیان بەپێڵاوانەوە
ڕەق هەڵاتووە
هەر هەموویان
ناویشیان لە خۆ ناوە پیاو هەر هەموویان

٢٠٠٧/٦/١٨





## ڕەنگم دەزێتەوە

هێلانەیەکی گەرمم ٢٢ ڕەزبەرە
نیگارێکم لە ناودا ڕەنگاوە
زگم بەنیگارێکی دی هەیە
ئەورِۆ ئێوارێ دەمبێ

٣١ی جۆزەردانە ئەمن دەزێم
لە بورکانێک گەرمتر دادێم
پێنج پیتم دەبێ
لە پێکەوە لکانیان دەترسێم
پەنجەی پیتەکان گچکەلۆکەن
ئەتۆ سەرم توند ڕادەگوشی ١٢ گەڵاڕێزانە

سەری نیگارم لێ دێتە دەرێ
ڕەنگی نابینم خۆم بۆ دیتنی ڕەنگی
گلێنەکانی قیت دەکەمەوە
هەردووکمان لە قوڵبەی گریانی دەدەین

ژانێکی قورس پشتم دەتەنێ
بۆنی منداڵێکی گەرمم تەیرێکی باڵ زەرد بن پرچەکان
دادەگرێ

٢ی پووشپەڕە نیگار
بەهەموو تینی خۆم پاڵت دەدەم
بەرەو دنیا
قلشتێک دەکەویتە نێوانمان





پیتی نونەکەت ڕادەکێشمە سەر سینگم
دەکەومە نێو خەیاڵە کەسکەکەی تۆ و
نازانم بەچتەوە بنوسێنم
بۆنی هەنجیر لە گەردنت دێ

بەهەڵوەشاوی خۆم ٨ بەفرانبارێ
خڕت دەکەمەوە

لە دایکی خۆت ڕامێنە کچم
تا دەبیە ژنێکی ڕەنگین
پیتەکانی ناوت لێک دەدرووم

ژنێک دادەمینێ تاو دەکەوێ
لەودیوی من نیگارێک
لە ناو من نیگارێک
نیگارم دەکەن

## ژمارە ژن

ئەز ژنەکم تژی لە ژمارە
ژمارەی ساڵ ژمارەی خۆشەویست
ژمارەی نیشتمان ژمارەی تەلەفۆن
ژمارەی پارە ژمارەی ماچ
ژمارەی نامە
لە بۆیە تازە بەچ خرِ ناکرێمەوە

ئەگەر ئەورۆ بمرم
بانکەکەم سێ هەزار پاوەند و
موبێلەکەم هەشتا و نۆ تێکست مەسیج
مەیل بۆکسەکەم پێنج سەد ئیمەیل و
گیرفانم بیست پاوەند و
دڵم
تاقە پیاوێکی تێدایە







هەردەم لە هەر جێیەک
لەسەر هەر پەڕە و دیوارێک
ژمارە هەشت و دوو و پێنج و سێ و
سفرێک بێنە پێش چاوانم
خۆشم دەوێن و
ژمارە تەلەفۆنی تۆم وەبیر دەهێننەوە
بەتاڵووکە
پەنجەیەکیان دەگەیەنمێ
داخوا دەنگی تۆم نادەنەوە

ئەز کاتژمێرێکم بێ دەرەتان
پتر لە یەک چرکە
لەسەر هیچ پیاوێک بەن نابم و
ڕاناوەستم
لێ بێ ئەژمار بەسەریاندا
دەگەڕێمەوە و دەخولێمەوە

ئەگەر ئەورۆ بمرم
زمانم یەک ملیۆن وشە و
قەندانەکەم سێ کڵۆ شەکر و بەفرگرەکەم
سەموونێک و جزدانەکەم بیست کارتی ناونیشان و
جانتای شانم ڕۆژمێرێک و
تاقە بتڵێکی ئاو تێدایە





ئەز ژنەکم پێنج ئەستێرە
لە قەرەباڵغییان جمەم دێ
لێ ئەگەر ڕۆژێ تاقە خۆشەویستێک
لێم وەژوور نەکەوی
بەبەلاش وەگیر دەکەوم

وەسیەتیشم تژییە لە ژمارە
هەر لەسەر کێلی من نا
لەسەر کێلی بارانیش بنووسن
ڕەحمەتی خودان
هەزار دۆست و پەنجا و پێنج خۆشەویست و
دووسێ مێرد بوو

ئەز ژنەکم تژی لە کلیل
کلیلی کار و کلیلی ماڵ و کلیلی جانتا و
کلیلی دەرگای نیشتمان
لی ئەگەر هەر ئەورۆ بمرم
چەکمەجەکەی بن سەرم ڕاکێشن
سی چل ڕەچەتە و دوو نەخشە و
جووتێک پاسپۆرت و
تاقە قفڵیکی تێدایە

ئەز ژنەکم یەک کڵاس
لێ ئەو دەمەی ئازیزێک
پاڵم وێ نەدا
نرخم دادەبەزێتە سەر سفر





تازە وەبن ژماران کەوتووم
هەموو ڕێسایەکانی ماتماتێک
دەرەقەتی
دابەشکردن و لێکدان و
شیتەڵکردن و
کۆکردنەوەم نایەن و
تێمدا پووچەڵ دەبنەوە.

لەندەن ٢٠٠٨/٤/١

## لەوێندەرێ مارەم دەکەی

تاریک و ڕوونی سبەینێیە
دەگەیە جێ
لە ڤیکتۆریا چاکەتەکەم دەکەمەوە و
ئامێزت تێ وەردێنم
دەگەڵ ڕووباری تایمز پێکڤە بەرچایی دەخۆین
لە خۆشییانم هەڵدەپەڕی و
بەناو خەڵکیدا ڕام دەکێشی و بەهاوار بانگم دەکەی

چێشتەنگاوێ
لە شالێنزی لەسەر کۆشت جخارەکەم لۆ پێ دەکەی
شاڵە کەسکەکەم لێ دەفڕێنی
بەئاپۆڕا خەڵک بۆ سەیرم گاز دەکەی





نانی نیوەڕۆیە لە ڕۆما دەخۆین
لەسەرەخۆ پارووم بۆ دەکەی بەرامبەرت
چم بەگەروویدا ڕۆناچێ.
کڵاوەکەم بەسەر خۆتدا هەڵداوێی و
بەرەو پەیکەرسازانم تێ دەوەرێنی و
بەگەردەنمەوە جۆلانە دەکەی

لە بۆ عەسرێ لە مەدرید
بەنۆرە مژ لە سەبیلەکەی دەدەین گوارەکان
لە گوێچکەم دەردێنی پێڵاوەکانم لێ تووڕ دەدەی
نازانم لۆ هەندە لێم دەڕوانی
زوو زوو لە قەڵاندۆشکی خۆتم دەکەی

پاش تاو کەوتنێ
لۆ خواردنەوەی شەڕابی سۆر
دەچینەوە کافێی ئارتی ستۆکهۆلمێ پت پت
پت لە خڕخاڵەکانم دەدەی و
تەنوورە شینەکەم
بەسەر سەری خۆتدا دەدەی

دەمەو ئێوارێ لە کۆڵۆمبیا
بەسەرە قەمپاڵ لە بابۆڵەیەک دەدەین
لە جوانیی چاوت شاگەشکە دەبم
دەکەومە بەررێژنە فلاشی وێنەگران
تێمدا ڕەنگ دەدەیەوە و
بەدەوری خۆتدا خولان دەدەی





شەو کپ دەبێ و دەگەینە تایوان
لەگەڵ دەریا کێبەرکێم لەسەر دەکەن
بازنە کەسک و سوورەکانم
خرینگەیان دێ
لە شەپۆلانتدا ناوی خۆم لە بیر دەچێتەوە و
جوگرافیای دنیام بۆ وە زیکر دەخەی

پاش نیوە شەوێ لە کۆنگۆ
دێینە خوارێ
پاڵت وێ دەدەم خەناوکەکەم دەپسێنی
سەر بەسەرت دەکەم لە گەرمان دێمە ژێرکراسەکەت و
بەدەورمدا سەما دەکەی

بەرەبەیانێ لە سیدنی
خۆمان دەشۆین چاوەکانم پڕ لە کەف دەکەی
خۆ بەپشتتەوە هەڵدەواسم و
بەسەدان ورتکە ماچم دەکەی

دەگەڵ تاوکەوتنێ دەگەینەوە
هەولێرێ
کەوا سپییەکەم لەبەر دەکەمەوە و
لەسەر قەلاتێ لەسەری سەفینی
لەسەر دەستی کوردستانێ مارەم دەکەی

٢٠٠٦/٠٦/٢٦





## پایزە ژنێکی زەردکەڵەم

لە بەپایز چوونێم
ڕامێنە هەر جارەی
فەرهادێک
زەردم دادەگەڕێنێ و
ڕەنگی لە گەڵا و گوڵەکانم
دەزێنێ
شیرینێکی وەرێزان کەوتووم
گەڵای شتاق فەرهادێکم
پێوە بەن نابێ و نامێنێ

لێم بڕوانە دەڵێی نیشتمانم
هەر ڕۆژەی پیاوێک
لە بن هەنگڵی خۆیم دەنێ
هەر ڕۆژەی پیاوێک
لەسەر سەری خۆیم دادەنێ

خۆ سوێندم دای
تو چاوی ئەوان کانییان
تو خاڵە شینە کوتراوەکەی سەر پشتەدەستت
تو سەری ئەوان چیایان
بەتەنیا ئەتۆ
دەست لە خوێنم مەنێ
وەکی ئەوان

تەماشام کە دەڵێی کوردستانم
هەردەمەی پیاوێک
بەدووی خۆیدا ڕام دەکێشی
لەسەرم پێک دێ هەڕاجم دەکا
نەخشەکەم دەپێچێتەوە و
لێم دەکشێتەوە
ڕەنگم پایزی دەچێتەوە.





## سۆژین

شینە دووکەڵە ڕەشە دووکەڵە گڕەپێچە
باسووتەیە
سوتووی بێوەژنان و سوتووی کچۆلانە
پرۆشەی دەکا

یەک وەکی مۆمی پێ دەبێ
یەک بڵێسان دەداتەوە
یەکی دی وەکی فتیلە و چرا دادەگیرسێ و
پشکۆیان بەدەوری خۆ وەردەکا

ژنی دەدڵ زەرد گوڕگوڕ
وەکی پووش و قۆریە کایان
ئاوری دەگرن بەکڵپەتر
بەنێلەتر لە بابەگوڕگوڕ

زەردەیەک زەرتک دەگرێ خۆرنشینێک
دەخوێنێ دەگەوزێ
گڕ خۆ دەژنێک دەئاڵێنێ تا
بەرەودەم وەری دەکەوێنێ

هەموو ڕۆژێ لە هەر وارێک
بێریڤانێک بەگرێکی شین پێ دەبێ
هانایەک بەگرێکی زەرد
پرتەی دەکا ساوێنێک بەگرێکی سوور سوور
دەبتە دووکەڵ و بەهەوایدا هەلا دەڕوا





هاوارت لە من دووکەڵت لە من ڕەژووت لە من
نازانم کو چاوی دە ڕژاوت خڕ کەمەوە
دڵی پۆلو و قامکی کۆلو و مەمکی بە قەرەبرووتت و
بە ژنی ڕەق هەڵاتووت ڕاست کەمەوە

ئەڤرۆ بەو سبحەینەی
هێرۆ بەخۆ بەعەشقەوە
خۆڵەمێشکی سارد ساردی لە پاش بەجێ دەمێنێ
نارین بەخۆشەویستەکەیەوە ڕەژوویەکی ڕەشی
کلۆ کلۆ

شەهێن دەبتە وردە تۆزێکی زەرد و دەکەوێ
شیرین کپ کپ وەکی سووتەمەرۆ دەنیشێ
چرە دووکەڵی زیلانێ سوور سوور دەچێ و
لە ئاسمانی ژناندا نانیشێتەوە
دڵە پۆلووەکەی زەکیە لە دڵی ژناندا ناکوژێتەوە

هەردەم نا دەمەک
خوناوێک هەڵدایسێ سۆسەنێک وەنێڵە دەکەوێ
هەمینێک شەرا دەدا
کاڵێیەک دادەمرکێ و
سوخاڵیان بەگڵیدا ڕۆ دەچێ و دەڕوا
ئاگر ڕەنگ و ئاگر دەنگ و بریقەی چاو و
بۆنی ژنان دەگەڵ خۆ پێچ دەدا و دادەمرێنێ
گەرموگوڕتر لە هەر پیاوێک
باوەشیان تێ وەردێنێ





دووکەڵێکی ڕەش لە خەجێ بڵند دەبێ
دووکەڵێکی زەرد سۆزانێ پەرش دەکا
دووکەڵێکی بۆر بۆر
خونچەی لە خۆ وەردەگرێ و دووکەڵێکی سپی
گەرد گەردی ئامینێ لە خۆدا بزر دەکا

لە پاش خومارینی ئەڤ هەموو ژنانە
کۆلکە دڵەکانیان خاڵی خاڵی لە پیاو و
با هەڵیان دەپروێنێ و با دەیانبا

---

خومارین: کزبوون و خەفەبوونی ئاگر کە نزیکە دەکوژێتەوە.
زەکیە: زەکیە ئەلکان.
زیلان: ئەو کیژە تێکۆشەرەی گڕی لە گیانی خۆ بەر دا.

## وەشان

واوەتر چاوان هەڵێنە ئەها
هەنارە کیژێک بەچەقۆ دڵی هەڵدەکۆڵرێ
نەقڵشی دەکەوێتێ و نەهەناراوی لەبەر دەڕوا
نەکە س نرکە و ناڵەشی دەبیستێ و
دادەوەشێ

ئەڤ مۆمەش تەواو بوو
من هەرنا تەماشاکە کو
هەرمێ ژنێکی تازە وێڕاگەیشتوو
گەڵا و لاخی هەڵپساون و هەڵپاچراون و
هەتا هەشە دەبێ لاسۆر لاسۆر
بۆن و تامی لێ هەڵچۆڕێ





ئەو درەختەش لەبەر کەوتنێ کەوت
من هەر نا
دە ئەوجارەش
پەنجەکانم بژمێرە و ماچ کە تا
کچێک نمە نمێ بکا و
سەرلەنوێ خاک تەڕ کا
ئاوڕ وەدە چەوا
سێوە ژنێک لە گەرمەی لاژە لاژێیدا
قەد و چڵ و کەپۆی دەبڕدرێ
لە شەرمان سوورتر دادەگەڕێ
دەبێ نە سووری و نە خڕی لە دەست دا
هەتا دەمرێ

هەر ئەو جەلەی
مۆمەکانم لەسەر داگیرسێنە تا
کیژێک بەکلوی سپی
سپی سپی ببارێ و دنیا سپی کا
نەوەکە هێشووە ژنێک بەپەلک و
بۆڵوانییەوە گڕ لە خۆ بەر دا
نەخۆشاوی بگاتێ و نەشەراب و
خۆی بەگۆڕێ وەرکا

دە هەر ئەوجارەی
ناو چاوەکانم ماچ کە و گەزێک لە ڕوومەتم دە تا
کازیوە کچۆڵەیەکی زەرد
بەزەردی هەڵبێ و
لەسەر دنیا بکەوێتەوە
نەبادا بەهێ ژنێکی کاڵ کاڵ
دەنک کرێ و بەر باوێ و
بەدارێوە لەبەر خۆ چرچ هەڵێ







هەر شەپۆلێکی دیم تێدا بدە
تا
ڕووبارە ژنێک پڕ کەف بێ و زەوی بدڕێ
دەیان لق و چۆمی لێ دابڕێ
ئەو بارانەش وەشا
من هەر نا
لەسەرڕا بژۆڵکەکانم بژمێرە و سوێندیان پێ بخۆ
تا
کیژێک بەشنەشن هەڵکا پێش ئەوەی
لێوی لیمۆیەک هەڵبڕێ و هەڵقرتێ

لەسەر لەپی دەستتم گێڕە
بەر لەوەی خەرمانە ژنێک وشک هەڵبێت و
بەلاسک و گوڵەوە ئاو درێ
بەوان هەموو برین و گڕ و خوێنەوە
دێمەوە ئامێزت و گەرمت دادێنمەوە
بەر لەوەی نووکی چەقۆ یا نێزەیەک
لە بۆڵووەکانی چاوم و لیمۆیەکەی دڵم و
هەنارەکانی سینگم گێڕن و
هەڵیان کۆڵن و بوەشێمەوە

٢٠٠٥/٠٢/٢٢





## لیستە ڕەشەکانم

بانکێکی جێی متمانەم
لێ هەر دزێک بمبڕێ
بەملیۆن پیاوی ساختەی دەست دەکەوێ

تیاترۆخانەیەکی گەورەم
ئەگەر بڕووخێم
بەهەزاران سیاسی
لە ژێریدا
تێدا دەچن

شێتخانەیەکی کۆنم
ئەگەر یەک لە دەرکەکانم
قفڵ نەدەم
بەبن ئاقڵان دەکەوم

قاسەیەکی کۆددارم
هەر ژمارەیەکی نهێنیم
ئاشکرا بێت
پیاو لە دنیایەدا نامێنن

زیندانێکی ژنانم
ئەگەر زیندانییەکم ڕاکا
ئازادی لێم وەشک دەکەوێ





ئامێرێکی پارە کۆپیکەرم
ئەگەر تاڵە سیمێکم لێ بەبا بێ
بەبلۆک پیاوی بەدەڵ
دەسبەسەر دەبن

بیرێکی گچکەلەی نەوتم
خوا نەکا ڕۆژێک خاڵی ببم
هەزارەها مافیا
دەمخەنە لیستی ڕەشەوە

تەلەفۆنێکی بێ ژمارەم
تەنیا زەنگم بۆ دێ
لێ قسەم پێ دەکرێ و
گوێشم لێ دەگیرێ
بەخۆڕایی

کۆمپانیایەکم بێ مۆڵەت
هەر کەس ناوم بدرکێنێ
پاش دوو ڕۆژان
بۆ خۆ دەست دەداتە خۆکوژی

کۆوارێکم ئاوەڵا و ئازاد
هەر دزێک بخوازێ
بەسەرنووسەری ناوزەد دەکەم

ڕێکخراوێکم
سەر بە سەد لیستی ڕەش
لێ هەر چەتەیەک
جۆرە ماف و
پێناسێکم دەداتێ.







## ئەو چیایە کوڕی منە هاتووەتەوە

دوو ڕۆژ دەبێ
کۆترێک هاتووە
هێلانەی لەسەر مەمکی چەپم
چێ کردووە

نازانم نە ئەتۆ
ڕات سپاردووە
نە خوا ڕەوانەی کردووە

دوو ڕۆژ دەبێ
چیایەک
ئاڵقەی دەسگیرانی
لە پەنجەی ڕاستەم کردووە
لەخۆشیانی
جوگرافیای خۆ و دنیام
دەست لێ هەڵگرتووە

دوو ڕۆژ دەبێ
پەپوولەیەک هاتووە
باڵی لەسەر لاچاوی چەپم
خستووە
نازانم
نە ئەتو ڕات سپاردووە
نە کوردستان
لە دوامی ناردووە





دوو ڕۆژە دەبێ
نامەیەکی گچکەلە
بەموبێلەکەم گەیشتووە
لێی نووسراوە
کۆتر
ئەتو هەر کۆتری خۆمی تازە
بفڕیە ئەوپەڕی
دنیایەش
دەستم هەر پێت ڕاگەیشتووە

دوو ڕۆژ دەبێ
پیاوێکی چاوڕەشکۆکە
بەمیوانم هاتووە
جووتێک گوارەی هەناریی
بۆ هێناوم
دنیام هەموو
دەگەڵ خۆم بۆ باوەشی
ڕاگواستووە

دوو ڕۆژ دەبێ
چیایەکم وەزگی کەوتووە
لە خۆشییان
هەموو پیتەکانی زمانم
لە بیر کردووە

لێ لەو ڕۆژەوەی
ئەڤ چیایەم بووە
دایکێکی
کەسک کەسک
لە ناو دڵمدا وەترپە ترپ
کەوتووە.





## دڵم هەنارێک بوو ڕنییان

تازە دڵم بووبوو بەهەنار کە شەڕ
وێکرا شێواندنی وێکرا تالآنی کردین
وێکرا ژەهرەباران وێکرا ئەنفالی کردین
وێکرا ڕای گواستین دەگۆڕی ناین
وێکرا کردنی بەتۆز و بەبای کردین

بەکرێوە کرێوی بەفرێ لەسەر سەری
حەسارۆست و
لووتکەکانی قەندیلی دەکەوتم کە
وەکی هەنارێک لە دڵم ڕۆهاتن و
هەڵیان پساند

تەپۆلکەیەکی سینگی کۆڕەکێ و گەردەنی
بڵندی سەفینی و
ملەی کێوی هەندرێنێ بووم
خوێنی سەدان گەنجیان لەسەر ڕشتم
چەندین جار لەسەرم پێک هاتن و
داستانەکانی براکوژیم پێ نێوزەد بوون

دڵم بەهێیانە زەرد بووبوو کە
دایانتەکاند و
بوومە کۆنە سەنگەرێکی داڕووخاو و
بۆسەیەکی پڕ کراو و ڕەبیەیەکی هەڵگیراوی
پشتاشانێ
پاش دەیان جار تێک دران و حاشا لێ کردن
ئێستەش هەر لێم تەمابڕ نەبوونە





دڵم تازە گوڵی مزرە سێوانی دەرکردبوو
هەڵیان وەراندەوە
هنارەی سەرکەوتنەکانی براکوژییان
لەسەر وەگرِ خستمەوە

دڵم هەنکی هێشووە ترێیەکی لێ مابوو
نەهێشتیان بگا نەهێشتیان ببتە شەراب
دایان ڕنی و پلیقاندیانەوە

بەدەمدا کەوتووم وەکی
تەنگە دۆڵێکی دڵی هەکاری و تفەگێکی دەگل ڕۆکراو و
تەرمی ژنێکی هەتک کراوی
ئەوان ڕۆژان
کێ بەئاقارمدا ڕابردووە
دەستی خوێناویی خۆی پێ ئەسڕیوم و
لێ خشاندووم و
لێم کشاونەتەوە

لیمۆیەکی کەسک لە جێی دڵم خڕ بووبوو
چەقۆیان تێ گێڕا و ڕایان گوشی
وەکی کێژۆڵەیەکی لووت بڕدراو و
لێو هەڵبڕاو و سەر هەلپاچەڕاو
تێکڕا لێم ڕەوینەوە





وەکی باڵەخانەیەکی هەڵتەکێنراو و دیلێکی
چاو هەڵکوڵەڕاو و سووتێنەراوی
شەڕی براکوژیم لێ هاتووە
هەموو خۆم لێ بێ بەری دەکەنەوە

دڵم بووبووە گوڵەباخێکی سوور سوور
پەڕ پەڕیان کرد
تەمە سپییەکەی قوتکەی ئاسۆسێ
ڕەنوی زنەی دە زاگرۆسێ بووم داخزیم
بەگۆڕێ وەربووم و
لاشەم سەگی تێ وەرووکاونەوە

خەندەکم پڕ لە ناسنامە و جووتە چاو و
پەنجەی پێشمەرگانن کوێربوونەوە

دڵم هەنارێکی نەگەییو بوو
بەلاخەوە تێی نووسان دایان وەراند
هەموو شەڕەکانیان بەناو کردم.
بەناو هەموو شەڕەکانیان کردمەوە و
دڵیان ڕنیمەوە.

## ئاڵا

خۆشم ویستی و لەسەر خۆمم هەڵدای
دەستم لۆ سڵاوی سەربازی هەڵێنا و
سەرم بۆ هەڵبڕی و
پیرۆزترین مارشی نیشتمانیم
پێدا هەڵدای

خۆشت ویستم و
بەشیتمەوە
بەسەر بەرخودانی قامشلۆیدا
بۆ نێو دەستی گەنجانی ئامەدێدا







هەڵت واسیم
بەدار و دیواری مەهابادێ و
بەسەر سەری هەولێرێدا
شەکامەوە

خۆشم ویستی و
سوێندم پێت خوارد
بەخۆ و گۆڕی بەکۆمەڵ
هەڵەبجە و یەکی شوباتێ
هەزاران کۆستی دەدیشت
لە بۆ دەدەین
دەستبەردارت نابین و
هەر هەڵت دەکەین

خۆشت ویستم و
لەسەر خۆتت چەقاندم و
تەقەی خۆشیت دەست پێ کردەوە
چواردەورەمت بەفیشەکی گڕدار و
گڕگڕۆکان داتەنیم و
بەڕۆژی نەتەوەییت ناوزەد کردەوە

ماچت کردم
لەسەر سەرم بەرز کردیەوە
دڵم بەناوت کرد و
سەربەخۆییم ڕاگەیاندەوە
سۆریی لێو و زەردیی چاو و کەسکیی دڵ و
سپییەتیی ڕۆحت بوونە ئاڵام و
لەسەر هەر چوار پارچەی
کوردستانێ شەکانەوە







خۆشت ویستم
بەهەرتک دەستان لەسەر خۆتت هەڵدام
لە داوێنمدا کڕ ڕاوەستای
چاوت تێ بڕیم و
بەڕۆژی نەتەوەییت ناو نام

بۆنت پێوەکردم
ناوچەوانت بەناوچەوانمەوە لکاند و
بەسەر تابووتی هەموو شەهیدانت دادام
بەسینگی هەموو منداڵانتەوە چەسپاندم
تا ئەوەی تێی ڕوانیم نیازی هاتە جێ و
بەتاکە ئاڵای کوردستانێ ناسرام

## هێشووی هەنارانم ڕاوەشێنە

بەهێشوو هەنارم دەرکردوون
پێ دەچێ عاشق بووبمەوە

عەشق بەسەدان جار
ئەنگاوتومی تێی هەڵکردووم
لە خوێنێی گەوزاندووم و شەهیدی کردووم
کەچی جار لە جارێ زیندووتر
سەرهەڵدەدەمەوە

لە جۆرەها سەنگەریڕا
وەبەر دەسرێژانی داوم و هەڵی تەکاندووم
کون بەکونی دڵی پێکاوم
ئەمما لە پاشانی
پاکتر و جوانتر عاشق بوومەوە





چەندین بۆسەی بۆ لێ داوم
دای ڕماندووم ئاوری داوم ڕای گواستووم
نەخشە و سنووری بزاوتووم و ئاوەژوو کردووم
لێ عاشقتر
ئاگربەستی دەگەڵ نوێ دەکەمەوە

بەهێشوو هەنارم پێدا شۆڕبوونەوە
وێ دەچێ خۆش بووبمەوە

بست بەبستی ماچ کردووم
قولانج بەقولانجی بۆن لێ هەڵمژیوم
تامی زمانی خۆش خۆش کردووم
پاشان لەهێکرا
خۆڕاییی کردووم و بەجێی هێشتوومەوە

چەندین جار پشتی لە عەردی داوم
دیلی کردووم و بەرخۆی هەڵبڕیوم
دەسرێژی سەرکەوتنێی بەسەردا هەڵتۆقاندووم
لێ لە بۆ جارێکیش لێی ژەوان نەبوومەوە

کوێندەرم نەماوە ئاڵای خۆی
لەسەر نەچەقێنێ
بەسەدان ناوی لێ گۆڕیوم بەدەیان ڕەنگی
تێ گەڕاندووم و
بەئان و ساتەک پاشەکشێ لێ کردوومەوە

بەهێشوو هەنارم لێ دەلاژێنەوە
ڕێ بەدی دەکەم ڕەند بووبمەوە





ساڵێ چەند جار دانوساندنی دەگەڵ دەکەم
لێم دەکشێتەوە
لێی دەکشێمەوە
لێ نازانم چەوا و لەپڕ
پێک هەڵدەپڕژێینەوە بەنێو یەکتری وەردەبینەوە

لە پاش هەموو ئەڤانەڕا چم لە بیر نامێنێ
زەینم لە خۆ نامێنێ دڵم لە خۆ نامێنێ

حەیرانی دەبم
هەموو هێشووەکانم ڕادەوەشێنێ و
دەمبێژێتێ عەشق خۆشە
لێ ناگاتە خۆش عاشق بوونەوە

٢٠٠٦/٠٦/٠٦

## هەموو ژ تە دا ژیونەتەوە

ئەو پیاوە موروو کەسکەی لە گەردنمە
سەلاحەدینی ئەیووبییە
گاڤەکی دی هەولێری لە چاوانرا
وەدەردەکەوێ و
دنیایێ وەبەرخۆ هەڵدەبڕێ و
دێتە دوام تا ڕام داتەوە

ئەو پیاوە پەنجە هەنارییەی
لە نێو گوڵ گوڵی سووری تەنوورەکەمە
فەرهادە
چیایەکانی لەسەر سەری ڕۆناون
شیرینی تێدا پشکوتووە و
تێم دەنووسێ و
لەسەرڕا عاشقم دەبێتەوە







ئەو پیاوە دەنکە شیلانە نارنجی و زەنگیانە
زەردۆکە و کەسکەی لە مەچەکم ئالاندووە
محەمەدە
پەیامان دەهێنێتە گۆڕین و
بەتەویایە بمگەڕێنێتەوە

ئەو پیاوە گەلا سەوزەی ڕۆژێ چەند جار
پاڵی وێ دەدەم
مەحوییە
هەموو شیعرەکانی لە کۆشکم کردوون و
شیعرم لێ گرتووەتەوە

ئەو پیاوە تەنکەی کەراسە مۆرەکەم
بەسەر سەری خۆیدا دەدا
ئەحمەدی خانییە
مێژووی لە پەنجان دەتکێ و
وەکی تاوێ تینێ دەدا و
بۆم هەڵاتووەتەوە

ئەو پیاوە یاقووت سوورەی
بەگوێچکەکانمەوە دەلاژێتەوە
بابە تاهیرە
شەپۆلی شنەکانی بۆ لەبەر کردووم و
دەگەڵ گەنمی داچێنراوە و
ڕەگی هاویشتووەتەوە





ئەو پیاوە گوڵ کاڵەی بۆنە شینەکەمە
دەم نا دەمەک
بەبناگوێمیدا دەپرژێنم
مەمی ئالانە
بۆم زیندوو بووەتەوە
ئەو پیاوە زمروود و مرواری سپییەی
گوڵەسینگەیە و لە یەخەی دەدەم
مەسعوود محەمەدە
هەموو دەمێ لەسەر زمانم دەدرەوشێ و
لە زمانمدا دەڕوێتەوە

ئەو پیاوە سوورمەیەی ئێوارانە
بەرە چاوانمی پێ دەڕێژم
حاجی قادرە
لە نێو گوڵەکاندا بۆم شین بووە و
کوردستانی لێ دەچۆڕێتەوە

ئەو پیاوە نارنجییەی لە سەری دەکەم
نالییە
پەڵەی لە ڕوحمدا داوە و
هەموو دیوانەکانی بەناو من کردوونەتەوە

ئەو نیشتمان پیاوە
دەم نا دەمەک
هەموو پیاوی دنیام بەسەردا دەبارێنێ و
تێمدا پاراو و زیندوو دەکا و
هەمووان لە خۆدا دادەچێنێ و دەژیەنێتەوە

٢٠٠٦/٠٦/٢١

# پێڕت


٢٠٠٧یش لە من سەرەڕۆتر بووە، دەبێ، بوو ..... 5
ئەورۆ بارانێ ڕادەگرم ..... 18
باوڵی ..... 33
تێک گەڕان ..... 36
شەڕ ..... 39
توێشە ..... 43
کوردستانت بەناو دەکەم ..... 44
هەڵایسانەوە ..... 49
ترپە ..... 51
پریشکە خوێنی مە بە دڵی هەموانیانەوە وشک هەڵاتووە ..... 52
ڕەنگم دەزێتەوە ..... 58
ژمارە ژن ..... 61
لەوێندەرێ مارەم دەکەی ..... 67
پایزە ژنێکی زەردکەڵەم ..... 72
سۆژین ..... 74
وەشان ..... 79
لیستە ڕەشەکانم ..... 84
ئەو چیایە کوڕی منە هاتووەتەوە ..... 88
دڵم هەنارێک بوو ڕنییان ..... 92
ئاڵا ..... 97
هێشووی هەنارانم ڕاوەشێنە ..... 101
هەموو ژ تە دا ژیونەتەوە ..... 105